# زمان و ئۆلی «ماننا»ییەکان

شاپۆخ حەسەنزادە
(شنۆ)

لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی بەر لە زایین، خەڵکانی نیشتەجێی بەشێک لە ئاخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (باکوور و ناوەندی ڕۆژهەڵات) دەستەڵاتێکی سیاسی بەناوی یەکێتیی مانناییان دامەزراند و لانی کەم لە ساڵەکانی ٨٢٨ی پ.ز تا کۆتاییەکانی سەدەی حەوتەم، ئیزرتو (١) (نزیک شاری بۆکانی ئەمڕۆ) وەک پایتەخت هەڵبژاردبوو. ئەم شارستانیەتە کۆنە، هەروەک دیرۆکی سیاسی ئەو ناوچەیە، زۆر بە لاوازی زانیاری لە سەر تۆمار کراوە، بۆیە هەمدیسان لە بەڵگە و شوێنەوارەکانی ئاشوور و هەندێک سەرچاوەی ئوورارتوویی کەڵک وەردەگرین.

ئەم دەستەڵاتە هەوێنی یەکگرتنی چەند تیرە لە ڕەگەزی زاگرۆسی بووە کە زۆر جار بە شێوەی فێدراسیۆنێکی یەکگرتوو دەوریان هەبووە، لە ئاکامدا دوای نزیک ٣٠٠ ساڵ خۆڕاگری و بەربەرەکانێ و شەڕ و تێکهەڵچوون، بۆ ناو یەکەم شانشینی یەکگرتوو شۆڕ بووەوە و بوو بە کۆڵەکەیەکی بەهێزی ئابووریی میدیاکان.

ئەو ناوچەیە لەبەر گرنگایەتی هەڵکەوتەی جوگرافیایی و هێزی ئابووری هەر لە کۆنەوە بایەخی تایبەتی هەبووە و هەر جارێک لەلایەن حکوومەتێکەوە هێرشی کراوەتە سەر و شەڕی لەسەر کراوە، هەرچەند سەرچاوەی نڤیسیاری لەهەمبەر پێوەندی هاوبەش و تەکوزدار لە

نێوان دراوسێکان لە هەزارەی یەکەمی بەر
لە زایین، لەم ناوچەیە زانیاری زۆرمان ناداتێ،
بەڵام هەرێمی بەستێنی زەریاچەی ورمێ
گرنگایەتی تایبەتی هەبووە، کەچی مەخابن
هیچ دەقێکی خۆماڵی لەم گەلە نەدۆزراوەتەوە.
ڕاستییەکەی تا ئێستا ئەم پرسەی؛ نەبوونی
هیچ بەڵگەیەکی نڤیسیاری لەم ناوچەیە و بە
تایبەت لە سەردەمی حکوومەتی شانشینی
میدیاکانیش بووەتە گرێ پووچکەیەکی مێژوویی
سەرسوڕهێنەر! بە واتایەکی دیکە چۆن دەبێت
حکوومەتێکی ئاوا پێشکەوتوو و مەزن کە زیاتر
لە سەدەیەک دەستەڵاتی لە زۆربەی ئەو خاکەی
ئەمڕۆ پێی دەگوترێت ئێران هەبووە، بەڵام قەت
یەک پیت و وشە و پەیڤی تۆمار نەکردبێت؟!
ئەوە لە کاتێکدایە هەموو هاوسێ و جینارەکانی،
تەنانەت زۆر بەر لە دامەزراندنی میدیاکانیش
نووسین و هونەرە جۆراوجۆرەکانی وێژەیی باو
بووە و کاری پێ کراوە؟، یان نەبوونی هیچ
نووسراوەیەکی تۆمارکراو لە گەلێکی دەرووەست
بە هونەر و شارەزا لە بوارەکانی ئابووری و
کاری دەستی وەک ماننایییەکان؟ لەو پرسیارانەن
بەردەوام پاتە دەبێتەوە.

لە ناو بەڵگە ئاشوورییەکاندا چاومان بە
ناوێک دەکەوێت بەناوی «گی-کی-ئی»،
ئەوە دەبێت وەرگێڕێکی ماننایی بووبێت کاری
بۆ ئاشوورییەکان کردبێت (مەلازادە. ١٣٨٣.
١١٥) بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن ماننایییەکان بە
زمانێکی تایبەتی خۆیان ئاخاوتوون، گرنگترین
بەڵگە لەسەر زمان و ڕێنووسی ماننایییەکان،
بەردەنووسێکە لە «قەڵایچی» شاری بۆکان.
ئەم بەردەنووسە ساڵی ١٩٨٥بە شکاوی و
لەتوپەتی دۆزرایەوە. بەردەنووسەکە مەترێک و
نیو پانە و نزیکەی ٨٠ سەنتیمەتریش بەرزە،
ئەو دەقە بە زمان و ڕێنووسی ئارامی تۆمار
کراوە، لەو ١٣ دێڕەی کە لێی خوێندراوەتەوە
تەنیا باسی تووک و نەفرینی تێدایە، ئەمەش
وەک نەریتێکی ئەو سەردەم لە کۆتایی دەقدا
هاتووە:

«هەر کەسێک ئەو بەردەنووسە هەڵبگرێت...،
لە شەڕدا بێت، یان لە ئاشتی هەموو بەڵایەک...،
کە هەیە لەم نیشتمانە کە خوای وێرانکەری
ماڵ و حاڵ...، ئەو شایەی چونکە جنێوی بە
خواکان داو بێ ڕێزی بە خالدی کرد لە ....
دەبێت حەوت مانگای شیردەر و نێنگونێک، ئەو
تێر نەبێت... حەوت ژن نانی بە تەندوور بۆ
بکەن و ئەوان تێر نەبن، دەبێت ئەوان لەو
وڵاتەدا لەناو بچن، دووکەڵی ئاگر و گرمەی
ئاش...، زەوییەکەی سووتمان، قاقڕ و شۆرەکات
و بکرێت گەورەکەی... بە شێوەیەکی ناخۆش
و لە حەقی ئەم خونکارە کە... لەسەر ئەم
نووسراوەیە، کە تەختەکەی وەرگەڕێنێت خواکان
«هەدا و خالدی و حەوت ساڵی بەردەوام...
کەس لەم وڵاتە گوێی لە دەنگی نەبێت، ئەو
کەسێک لەناو دەبات بێڕێزی بکات و جوێن
بەم بەردەنووسە بدات... (لومر.١٣٧٧. ١٠٩).

هەرچەند ئەوە سەلماوە کە ئەم گەلە
بە زمانی هۆرییەکان ئاخاوتوون، بەڵام ئەم
نووسراوە بەزمانی ئارامی هیچ یارمەتییەک بە
توێژینەوەکەمان نادات! بەڵام ئەوەی جێگەی
سەرنجە ناوهێنانی دوو خوا بەناوەکانی هەداد
و خالدی کە بە دڵنیاییەوە خالدی خوای
مەزنی ئورارتووەکان بووە و وێدەچێت (هەداد)
یش خوای مەزنی ماننایییەکان بووبێت، ئەم
پێوەندییە باس لە نزیکی ئایین و کولتووری
ماننا و ئورارتووەکان دەکات، هەڵبەت دەکرێت
ئەم بۆچوونەش وا دەرنەچێت، زمانەکە ئارامییە،

دەکرێت نووسەرانی ئەم دێڕانە هەرچەند مانناییش بووبن، بەڵام لە چینێکی تایبەتی کۆمەڵگەی سەردەمی خۆیان بووبن و باسی ئەو خوایەیان کردبێت.

هەڵسەنگاندنی ئێمە لەسەر ئۆل و ئایینی هەزارەی یەکەمی بەر لە زایین لە ڕووی دەقگەلی ئاشووری و وێنە و ناوە تایبەتەکانە، لەم بارەیەوە دەقی ئاشووری زۆر کەم تۆمار کراوە، تەنیا چەند جارێک باسی خواکانی مانناییی کراوە، وشەی «ئیلانی»، بەواتای «خواکان» لە نووسراوەی شەمشی ئەداد و لە ساڵنامەی تیگلات پلیسەری سێیەمیش دیتراوە، لەهەمبەر جۆری ئەو پەیکەر و بتانە دەتوانین لە نێوان وێنە و نیگاری مەفرەقی لۆڕستان و ئاسەواری بەجێماو لە «زێویەی ناوچەیماننا – نێوان سەقز- بۆکان بەراورد بکەین، بەو پێیە دەردەکەوێت ئۆلی بەشی هەرەزۆری خەڵکانی نیشتەجێی ئەم ناوچانە سەر بە هۆریانی بێت، بەتایبەت وێنەی سەیروسەمەرەی بوونەوەری نیوەداڵ و نیوە مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵداری سەیر و خەیاڵی بە جەستە شێر و باڵی داڵ، یان سەری شێر و باز، ئەمانە هەمووی لە ناو ئوستوورەی هۆریانییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە و وەک نەریتێکی ئۆلی سەیر کراوە (بهزادی. ١٣٧٠. ١٠٥١).

خوا سەرەکییەکانی نەتەوەی (پۆلە زمانییەکانی) هۆریانی لەوانەی دیکە ناسراوتر و پڕ بایەختر بوونە و بریتی بوون لە «تشۆب»، «کۆماربی» و «شاواشکا»، ئەمانە لەلایەن مانناییەکانیشەوە پیرۆز و جێگەی ڕێز بوونە. ئەگەر بۆ ئەم مەبەستە بڕوانینە جامی زێڕینی دۆزراوە لە تەپۆڵکەی حەسەنلییان (نەغەدە)، زۆربەی توێژەرانی مێژوو و کەونینەناسی لەسەر ئەو باوەڕەنە ئەم نەخشونیگارە هی هۆرییانەکانن. ئەو جامە لەژێر تەرمی سێ کەس (ئێسکوپرووسکی ئەو سێ کەسە لەبەر بەهێز بوون و کەڵەگەتییان وێدەچێت پاسەوانی ئەو جامە زێڕین و پیرۆزە بووبن) دۆزرایەوە.

جامی زێڕیی ناسراو بە تەپۆڵکەی حەسەنلییان (١١ ک. م باشووری ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ نزیک شاری نەغەدە) هەر لەو شوێنە دیترایەوە. ئەم دەفرە قووڵ و دەم پەلە بایەخێکی زۆری دێریناسی و یارمەتیدەرێکی شایان بووە کە بۆ سەردەمی دەستەڵاتی ماننـاکان دەگەڕێتەوە. ئاشکرایە ئەم گرد، یان تەپۆڵکەیە لە قەڵاکانی تایبەتی دەوڵەتی ماننا (گیلزان) بووە، کە لە کاتی مەترسی و بۆ پاراستنی ئەم دەفرە زێڕینە پڕ بایەخ و پیرۆزە پەناگەیەکی تایبەت بووە (رضوی. ١٣٧٠). دایسۆن بەرپرسی مۆزەی زانکۆی پینسیلڤانیا ساڵی ١٩٥٧ بە هاوڕێیەتی تیمێکی کۆنینەناسی ئێرانی ئەم جامەیان دۆزییەوە کە بەرزایی ٢١ سەنتیمەتر و زارەکەی ٢٥ سەنتیمەتر و قورسایی ٩٥٠ گرامە. نەخشونیگاری مرۆڤ و ئاژەڵی جۆراوجۆر بەوپەڕی لێزانی و هونەرمەندانە لە سەری هەڵکەنراوە.

گەورەترین ناوچەی کۆنینەناسی لەم مەڵبەندە، شوێنی نیشتەجێبوونێکی کۆنە لە نزیک تەپۆڵکەی حەسەنلییان لە ڕەخ باشووری دەریاچەی ورمێ (لەم ناوەندە تەپۆڵکەیەکی دیکەش هەیە بەناوی «حاجی فیرووز» کە مێژووی کاری کۆنینەناسییەکی تا هەزارەی شەشەمی بەر لە زایین خەملێنراوە)، تەپۆڵکەی حەسەنلییان لە ناوەندی دەشتی سندووس و نزیک چەمی گادەر هەڵکەوتووە، هێرشکردنی هێزێکی دەرەکی بۆ ناو ئەم دەشتە هاسان نییە، دەڵێیت لە هەر چوار لایەوە گەمارۆ دراوە! لە ڕۆژئاوا و باشوور ڕیزە چیاکانی کوردستان دەوریان داوە

و بە گردی بچووکی ناوچەکە لە زەریا جیا دەبێتەوە، بۆ ئاشوورییەکان و لەشکرکێشییان بۆ ئەم ناوچەیە تەنیا بە لای ڕۆژئاوا، واتە دەربەندی کێلەشین (کۆتایی گەلی ڕەواندز) لە درێژەی ڕووباری گادەر هەم نزیکترە و هەمژی هاسانتر.

لە ساڵی ١٩٥٧ تیمێکی دێرینناسی ئەمریکی بە سەرۆکایەتی دایسۆن بە هاوکاری ئیدارەی کۆنینەناسی ئێران، کنە و پشکنینێکی لەو ناوچەیەدا کردووە. تەپۆڵکەی حەسەنلییان کەوتووەتە ناوچەی ژێر دەستەڵاتی مانناییەکان کە لە بەردەنووسی شالمانسەری سێیەم (٨٥٩- ٨٢٤ پ.ز) ناوی هاتووە. ئەو شوێنە نیشتەجێیەی کە لە حەسەنلیان ئاشکرا کراوە، تا ئێستا دەگەڵ هیچ شارێک پێوەندی نەبووە کە ناوی لە سەرچاوە بزمارییەکاندا هاتبێت. (قاشقای. ١٣٩٢. ١٩).

بە پێی توێژینەوەکان دەرکەوتووە لە کاتی هێرشی ئاشوورییەکان بۆ سەر تەپۆڵکەی حەسەنلییان، ئەو شوێنە گەمارۆ درابێت، بەڵام بە هۆی خۆڕاگری پارێزەرانی زەفەریان پێ نەبردووە، دواتر قەڵاکە ئاگر دراوە و لە ئاکامدا بە سەریاندا ڕووخاوە، کاتێک ئەم جامە دۆزرایەوە، شوێنەواری ئێسکوپرووسکی سێ شەڕڤانی شیر بە دەست بینراوە کە یەکیان قاپەکەی لە ئامێزدا بووە و نیشانەی سووتانی تەختە و دار و خەڵووز لە دەوروبەریان دیاربووە (حەسەنزادە. ٢٠١٣). نەخشونیگارەکە هەروەک دیارە، دەبێت لایەنی دەرەڤۆگ و ئوستوورەیی هەبێت. لە بەشی ڕێک بەرانبەری وێنەی سێ خوا، کە وێدەچێت خواکانی لافاو، خۆر و مانگ بن، سواری گالیسکەیەک بوونە، ئەمە لەتەک خواکانی هۆری زۆر وەیەکتر دەچن، لە بەرانبەری ئەو سێ خوایە دێوەزمەیەکی بەردین دیارە کە لەناو دەریاوە سەری وەدەرناوە.

ئەو کەسانەی لە نزیکەوە ئەم دەفرەیان بینیوە و کاریان لەسەر کردووە، پێیان وایە ئەم شوێنەوارە بەڕاستی ناوازە و خەملێنەرە، نەک لەبەر ئەوەی کە شاکارێکی مەزنی هونەرییە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە لەڕادەبەدەر پڕ ڕەمز و نهێنییە و وەها وەستایانە نەخشاوە مرۆڤ سەری لەو هەمووە جوانی و چیرۆکە وێنەییانە سوڕ دەمێنێت. ئێمە دەتوانین بە چوار ڕوانگە شرۆڤەی نەخشونیگاری سەر ئەم کاسەیە بکەین.

**یەکەم:** شیمانەی ئەوە دەکرێت دانیشتوانی ڕەسەنی ئەم مەڵبەندە خەڵکانی هۆری بن-بەپێی ئەو بەراوردەی دەگەڵ چیرۆک و ئەفسانەکانی هۆری کراوە، کە لە چاخەکانی چوارەم و پێنجەمی حەسەنلییان وێڕای ئەو ئەتنیکانەی بە زمانی هیندوئەورووپایی لەو سەردەمەدا هاتبوون و پێکەوە دەژیان، لەم ڕوانگەیەوە جامی زێڕینی جۆرێک نیزامی وێژەیی و کولتووری لە ژێر چینێکی تایبەتی کۆمەڵگە وەرگرتبێت.

**دووەم:** ڕەنگبێت ئەو گەلانەی بۆ ئەو ناوچەیە کۆچیان کردووە، لە سەردەمەکانی زوو باسی ئەو ئەفسانە و دەرەڤۆگانەیان بیستبێت و لەوانیان وەرگرتبێت، هەڵبەت دەبێت بۆ خۆشیان هۆری بووبن.

**سێیەم:** هەر لە بنەڕەتدا ڕەنگبێت هیچ ئەتنیکێکی هیندوئەورووپی نەهاتبنە ئەم شوێنە، بەڵکوو ئەو خەڵکە نوێیانەی لە چاخەکانی پێنجەم و چوارەم لەم شوێنەدا نیشتەجێ بوونە لە نەوەکانی هۆری هەزارەی دووەم و ئورارتووەکانی هەزارەی یەکەمی پێش زایین بوونە، بەم شێوەیە دەبێت ئەو جامە خۆماڵییە

**هـی خەڵکـی ڕەسـەنی نیشـتەجێی حەسـەنلییان بێـت.**

**چوارەم: لـەم دەورەیـە ژمارەی کۆمەڵە نەخشـی هاوبـەش ئەوەنـدە زۆرە کـە بەهیـچ شـێوەیەک ناتوانیـن ئاخێزگـەی ئەفسـانەیی و ئایینـی گەڵاڵەی سـەر کاسـەکە دیاری بکەیـن (نجفـی قرەآغاجـی. ١٣٩٢. ٨٢).**

**دواتریـش کـە لـە سـەقز و بـۆکان (ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان) وەک ئاخێزگـەی ئـەم دەسـتەڵاتە سیاسییە کۆمەڵێـک گرد و تەپۆڵکە و شـوێنەواری گرنـگ و پڕبایـەخ، بەتایبـەت ئـەوەی بـە گەنجینەی زیوییـە ناسـراوە، دۆزرایەوە. ڕواڵەتی نەخشـونیگار و شـرۆڤەی ئـەم دیمەنانـە دەرخـەری هەبوونـی باوەڕێکـی ئۆلـی و زمانێکـی هاوبەشـی گەلانـی نیشـتەجێی ئـەم بانـووە بـووە، کـە مەخابـن بێجگە لـەم وێنانـە هیـچ دەقێکـی نووسـراوەی دیکـە تـا ئێسـتا بـە شـێوەیەکی ئاشـکرا بـۆ توێژینـەوە و بەرچاوڕوونـی زیاتـر لەبـەر دەسـت نییـە و دەبێـت توێژەرانـی ئـەم بەشـە زیاتـر و وردتـر بـەدوای ئـەم باسـەدا بچـن.**

**پەراوێز:**

1. Izirtu.

**سەرچاوەکان:**


١- حەسەن زادە، شاڕوخ. ٢٠٢٤، مێژووی ئورارتوو وماننا، چاپی یەکەم، سوید، وەشانخانەی ٤٩ کتێب.

٢- حەسـەنزادە. شـاڕوخ، ٢٠١٣، موساسـیر ڕووگـەی ئورارتووەکان، گۆڤـاری ڕامـان، ژمـارە ١٩٥.

٣- مـلازادە، کاظـم، ١٣٨٣، باسـتان شناسـی و جغرافیـای تاریخـی مانـا، رسـاله دکتـرای باسـتان شناسـی. دانشـگاه تربیـت مـدرس.

٤- لومـر، آنـدره، ١٣٧٧، «کشـف یـک کتیبـه بـه زبـان آرامـی مربـوط بـه قـرن ٨ ق. م از بـوکان»، پرتـال جامـع علـوم انسـانی. مترجـم، رسـول بشـاش، شـماره ٢٩ و ٣٠.

٥- بهـزادی، رقیـه، ١٣٧٠، ماناهـا قومهـای کـم شـناخته شـده، مجله، چیستا. صص ١٠٤٣_١٠٦٠.

٦- قاشـقای، سـولماز، ١٣٩٢، دولـت مانـا، ترجمـه: پرویـز، زارع شاهمرسـی، چـاپ اول، انتشـارات، ققنـوس. تهـران.

٧- نجفـی قرەآغاجـی، محمـد رضـا، ١٣٩٢، جسـتاری در نقـوش هنـری جـام طلایـی حسـنلو و پیشـینه نقـوش آنهـا، نشـریه نقش مایـه، دوره ٤، شـماره ٧.